Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.17 21:11:14 +01'00'

وەڵامدانەوەیەک بۆ جەلیل کاکەوەیس

# الساكت عن الحق شيطان اخرس...

لە وەڵامی ئەو بەیاننامەیە کە لە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١/١٥ لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت لەلایەن (جەلیل کاکەوەیس)ەوە، بڵاوکراوەتەوە و تێیدا چەند بووختانێکیان خستۆتە سەر بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب، کە ئاسمان و ڕێسمان لە ڕاستییەوە دوورە، لە ڕوانگەی ئەو وتەیەی سەرەوەدا، ویژدانم پاڵی پێوەنام کەوا تەنها ڕاستییەک یاخود تەنها پەردەیەک لەو هەموو پەردانە هەڵبدەمەوە کە بوون بەڕێگری ڕووناکی!؟ ڕاستییەکیش ڕوون بکەمەوە کە ئامادەشم ڕووبەڕوو لە هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا بێت بیلێمەوە... ئەم ڕاستیی وتنەم یان گەواهی دانەم بەحوکمی ئەوەی کە بۆ ماوەی (٢-٣) مانگ بەرپرسی بەشی کۆمپیوتەر و نەخشەسازی ڕۆژنامەی (باسەرە) بووم، زۆر نزیکبووم لە ڕووداوەکان و ئاگاداری ورد و درشتی ئیشەکان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونیان بووم و، جەلیل کاکەوەیس و پێرەکەی منیان لەو شوێنە دەرکرد و خزمێکی خۆی هێنایە شوێنی من... بەهەر حاڵ.

کاتێک کە بەیاننامەکەم خوێندەوە، گوتم: ئەبێ ئەم قارمانە کوڕی چ دایکێک بێ، شۆڕشگێڕی چ قوتابخانەیەکی خەبات بێت، ئەم خەمخۆرەی کەرکووک لە درزی چ چاڵەنەوتێکی کەرکووکەوە هاتبێتە دەر، بەڵام کاتێک کە ناوەکەیم بەتەواوی خوێندەوە و بۆم دەرکەوت ئەم قارەمانە ئەو جەلیل کاکەوەیسەیە کە من دەیناسم، وتم: حەی حەی حەی لەم خەباتگێڕ و شۆڕە سوار و نەبەردە و زیاتر سووربووم لەسەر ئەوەی ئەم ڕاستییانە خێرا و لە هەمان کاتدا وەڵام بدەمەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم قسانەی من دوورە لە ڕیا و خۆبردنەپێش، چونکە پێویستم پێی نییە، و کاک بەدران قەت داوای شتی شەخسی نەکردووە و هاندەر و پاڵپشتی هەموو کەسێکە کە بیەوێت کوردایەتی و خزمەت بەکورد بگەیەنێت، تەنانەت هۆکاری دامەزراندنی من لە دەزگای شەفەقی کەرکووک ئەوەبوو کە من بەکاک (بەدران)م وت پێش هەموو شتێک دەچم بۆ کەرکووک بۆ خزمەت و ئیشکردن، ئەویش تەنها لەبەر ئەو ڕستەیە دایمەزراندم.

من لە ناوجەرگەی ئەو دەزگایەدا بووم، جەلیل کاکەوەیس بەترسەوە دەجووڵایەوە و کۆمەڵێ مانشێت و بابەت خۆی لێ نەدەدا، کە برادەرانی تر ئامادەیان دەکرد... تەنانەت دوای مشتوومڕێکی زۆر ئەو هەواڵ و گوتارانەی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی حکوومەت کە جەختیان لە کوردێتی کەرکووک و گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان دەکردەوە، بڵاو دەکردەوە...

دەستێوەردانی کاک بەدران زۆر ئیجابی و دروستکەر بوون، هەموو هەلێکی بۆ ڕەخساندین لە هەموو ڕوویەکەوە، وەکو خەمخۆرێک بەردەوام پێویستییەکانی بۆ دابین دەکردین، لە بەرامبەردا داوای خزمەتی کوردی کەرکووک و بەرەو پێشبردنی بزاوتی ڕۆشنبیرانی کوردی کەرکووکی لێ دەکردین.

بەڵێ... جەلیل کاکەوەیس وەکو ..... ناو جۆگای لێهاتبوو دەیویست قەپاڵ لە هەردوو لای جۆگاکە بگرێت و ئێستاش دەیەوێت هەڵەکان و نەوێری و شکستی خۆی بە بەدران ئەحمەد حەبیب دا هەڵبواسێ.

دەرکراوی دەزگای شەفەق

هەمزە ئەحمەد جاف/کەلار